# باشووری کوردستان و عیراق و گەمەسیاسییەکان

ئەمجەد شاکەلی

## -یەک-

جەنگی ئەمەریکا و ئینگلستانی دژ بە ڕێژیمی بەغدا، من هەر لە دەسپێکرا و بە پێچەوانەی خەڵکانێکی زۆرەوە، گومانم لەوەدا هەبوو، جەنگێک بێت، لە پێناوی خەڵکی عیراق و کوردستان و ئازادی مرۆڤدا. وەک بووش و بلەیر و هەردوو کارگێڕییەکانیان بانگاشەیان بۆ کردووە و دەیکەن. ئەوان خەڵکی وڵاتانی خۆیان و سافیلکە و خۆشباوەڕی وڵاتانی ئێمەیشیان بەوە دەخاپاند، کە پەلاماردانێکی عیراق، گەلێک پێویست بوو و دەبوو بکرێت، بۆتێکشکاندن و نەهێشتنی ئەلقاعیدە و بۆ ڕزگارکردنی عیراقییەکان لە سەددامی دیکتاتۆر و بۆ ڕزگارکردنی کورد لە چەوساندنەوە و بۆ ڕزگارکردنی ژنان و بۆ وەدیهێنانی دیموکراتی و...خەڵکی ئەم جیهانەشیان بەوە دەتۆقاند، کە سەددام حوسەین لە ماوەی 45 خولەکدا دەتوانێت هەموو چەکە کۆکوژەکانی خۆی، کە جیهان وێران دەکات و دەخاتە مەترسییەوە، بەکار ببات. بووش و بلەیر، یارییان بە هەست و هۆشی خەڵکی ئەم سەر زەوییە دەکرد بەوەی، کە خەڵک لە هێرش و پەلاماردان و خۆتەقاندنەوەی، خەڵکانی توندڕۆی ئیسلامی، کە "هەڕەشە لە دیموکراتی دەکەن"، بترسێنن. ئەوان بەوەی باسی ئاشتییان دەهێنایە گۆڕێ و خۆشەویستی نیشتمان و ئاشتییان باس دەکرد و هەستی نەتەوەیی خەڵکانی ڕۆژاوایان دەبزواند لە هەمبەر "ڕۆژهەڵاتی تینووی خوێندا"، بە پێی دیتنی ئەوان.ئەودەم و ئێستاش، من بە جەنگێکی زلهێزانی دەزانم، دژ بە وڵاتێکی جیهانی سێیەم. جەنگێکە دەکرێ: بخرێتە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانی:

- "فرانسیس فۆکۆیاما" و تیۆرییەکانی "کۆتایی مێژوو و پیاوەکەی تر"، کە هەموو ڕاستییەکان، لەکن نوێلیبەرالیزمی ئەمەریکایی، دەبینێتەوە و مێژوو بە لەنێوچوونی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەرکەوتنی یەکجارەکی سەرمایەداری کۆتایی پێ دەهێنێت.
- "سامۆئێل هەنتینگتۆن" تیۆرییەکانی"ململانێ و جەنگی شارستانی و فەرهەنگەکان"، کە ملانێی شارستانی و ژیارییەکان، دەکاتە بنەمای تیۆری جەنگەکانی جیهان.
- ژمارەیەکی زۆر لە ئایدیۆلۆژانێک، کە پێکهاتوون لە خەڵکانی عیسایی و زایۆنی، کە پشتیان بە کۆمەڵگەگەلێک قایمە، کە بناخە هزرییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکانی لایەنگری فاشیزم و دەستەگەلی زەنگین و لۆبییە جوولەکەکان و باڵی دواکەتوو و توندڕەوی کڵێسەی عیسایی، کە بڕوایان وایە، بووش و کارگێڕیی ئەمەریکا، ئەرکێکی ئایینییان لە ئەستۆیە و جەنگێک ئەنجام دەدەن، بۆ خزمەتی ئەو بیر و بڕوایانەی ئەوان، کە بۆ خۆیان، بە هی مرۆڤایەتیی دادەنێن.

ئەو جەنگە:

- بۆ ئەوە بوو، ئەمەریکا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و پڕ خێر و بەرەکەتدا، جێپێی خۆی بکاتەوە.
- بۆ ئەوە بوو، ئەمەریکا، نێزیک بێتەوە، لە کانە نەوتەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

- بۆ تێکشکاندنی "الكرامةالعربية" و "النخوةالعربية" و "الشهامةالعربية" و "الصحوةالعربية" و "العروبية"و...،کە عیراق و سەددام حوسەینی سەرۆکی، زۆرجاران بانگاشەیان پێوە دەکرد.

- بۆ پتر بەهێزکردنی ئیسرائیل و دابینکردنی ئاسایی‌شی دەوڵەتی ئیسرائیل و سەپاندنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، بە سەر وڵاتانی عەرەب و ناعەرەبی، دەوروبەری ئیسرائیلدا بوو.

- بۆ لاوازکردنی رۆڵی تورکیا و هەرەشەکردن لە ئێران و سووریا و سعوودییە و حیزبوڵڵا و ئەوانی دی بوو.

- بۆ رووبەرووبوونەوە و بەرپێگرتنی "الصحوةالاسلامية" بوو، کە ئیسلامی سیاسی، ئێرانی شیعە و ئیسلامی سوننە، بانگاشەی بۆ دەکەن.

- بۆ دۆزینەوەی چەکەکۆکوژییەکانی سەددام و داماڵینی لێیان بوو.

- بۆ پەرەپێدان و برەوپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەو سیستم و بەها فەرهەنگی و جیهانگەرییە بوو، کە ئەمەریکا دەیەوێت، بەسەر دنیایدا بسەپێنێت.

- بۆ داپڵۆسین و کوتانەوەی هەرچی هێز و دەستە و تاقم و خەڵکانێک بوو، کە خودانەخواستە، بۆنی ئەوەیان لێبێت، کە رەنگە لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکادا نەگونجێن و یەکنەگرنەوە. دیارە لەم جۆرە خەڵکانەش گەلەک زۆرن.

ئەو جەنگە، بۆ هەموو ئەوانە و زۆر شتی دیکەش بوو. جەنگی باوکێک بوو، دژی منداڵێکی یاخیبوو و لاساری خۆی.

## -دوو-

چەندە گومانم لەوە نییە، کە بینلادن و مەلا و دەروێشە سەر و پرچرشکنەکانی ئەفعانستان، کاتی خۆی ئەمەریکا و رۆژاوا دروستی کردبوون، هێندەش گومانم لەوە نییە، کە سەددام حوسەین و حیزبی بەعس، منداڵە نازدارەکەی ئەمەریکا بوون و بەخێوکراوی دەستی ئەمەریکا بوون و دەست و چاو و گوێی ئەمەریکا بوون، لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئەوان(بەعسییەکان)، بە سواریی شەمەندەفەرێکی ئەمەریکایی، هاتنە سەر کار و بوون بە فەرمانڕەوای عیراق. ئەوان(بەعسییەکان) سیاسەتی ئەمەریکایان، لە ناوچەکەدا پیادە دەکرد. جەنگی هەشت ساڵەی دژی ئێران و قڕکردن و گازباران و ئەنفالکردن و عەرەباندنی کورد و وێرانکردنی کوردستان و کوشتنی شیعە و لەنێوبردنی تەوژمە چەپ و دیموکراتی و ئیسلامی و نەتەوییەکانی دیکەی عیراق و ...هەموو هەر هەموو، بە پێزانین و دەستگرتن و پیرۆزبایی و کۆمەکی ئەمەریکا ئەنجامدران. ئەمەریکا و رۆژاوا، سەددامیان لەو دەڤەرەی خۆرهەڵاتی ناڤیندا، کردبووە سەگێکی هار، کە پەلاماری هەموو دنیای دەدا، بێ ئەوەی چغەی لێبکرێت. کۆمپانیاکانی فرانسە و ئەڵمانیا و ئیتالیا و سوێد و رووسیا و ئینگلستان و ئەمەریکا، چەکی کۆکوژی و کیمایی و بایۆلۆژی و مین و هەزارویەک بەزمی دیکەیان، بۆ سەددام چێکرد و وێیان دا. من، کە دژی جەنگ بووم، بیرم لە زارۆک و پیرەژن و پیرەمێرد و پەککەوتە و لاو و بێدەرەتان و هەژارانی کوردستان و عیراق دەکردەوە و بەزەییم بەواندا دەهاتەوە. بیرم لە کچ و کوڕەگەنجە سەربازەکانی ئەمەریکا و ئینگلستان دەکردەوە، کە زۆریان هەر نەیشیاندەزانی عیراق چییە و دەکەوێتە کوێی ئەم دنیایەوە و، ئەو جەنگەی بۆی دەنێردرێن و دەیچنێ، جەنگێکە هی ئەوان نییە و ئارەزووی سەرۆکەکانیانە و خزمەتە بە سیستمی سەرمایەداری و بەها هزرییەکانی رۆژاوا، بەزەییم بەواندا دەهاتەوە، بیرم لە رووخاندن و داتەپینی هەزاران نەخۆشخانە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوێندنگه و پرد و وێرانبوونی وڵاتێک دەکردەوە. بیرم لە ژاراویکردنی ئاو و هەوا و ژینگە و سووتاندنی دار و درەخت و لەنێوبردنی ئاژەڵ و باڵندە و گیانلەبەرانی دیکە دەکردەوە، دەنا ڕووخانی سەددام حوسەین و تێکشکانی دەسەڵات و لەشکر و دەسگا داپڵۆسێنەرەکانی و حیزبەبەعسەکەی، بێ هیچ گومان و دوودڵی و سێودوولێکردنێک، بە باشترین کارێکم دەزانی و دەیزانم، کە خێری کورد و کوردستان و تەواوی گەلانی عیراق و ژینگە و سروشت و مرۆڤ و ئاژەڵی تێدا بوو.

## -سێ-

ڕێژیمی سەددام بە ئەوەی، کە پێیان دەگوت "ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی"، هەرگیز نەدەڕۆخا. ئۆپۆزیسیۆنی عیراقییش، هێزە کوردەکانی لێ دەرکەیت، هیچی لەباردا نەبوو و هیچیشی پێ نەدەکرا. ڕێژیمی سەددام دڕندە و شێرپەنجە و کارەسات و ئافاتێک بوو، بۆ خەڵکی کوردستان و عیراق، هاتبووە گۆڕێ و هەر وەک چۆن هەندەک نەخۆشی، بە میکرۆبی نەخۆشییەکە خۆی لەنێو دەچێت، ڕێژیمی سەددامیش تەنێ بەو میکرۆبەی، کە بڵاوی کردبووەوە و بە چێکەران و دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە خۆیان دەڕووخا و چەکی کۆکوژییش، کە ڕەنگە عیراق هەر نەیشیبێت، دەدۆزرێتەوە یا نا، بۆ هیچ یەکێک لە ئێمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، ئەو چەکانە، ئەگەر هەشبن، بەکار نەبرێن، گرنگ ئەوەیە خودانی ئەو چەکانە لە نێو چوون و بوون بە مێژوو.

## -چوار-

بە تەنێ من نەبووم، دژی جەنگ بووم، چەپەکان، موسوڵمانەکان، دژەجیهانگەرییەکان، ئاشتیخوازەکان، نەتەوەییەعەرەبەکان، ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە جیهانییە نادەوڵەتییەکان، بەشێک لە وڵاتانی یەکیەتیی ئەورووپا، مەسیحییەکان، سەدان میلیۆن جەماوەر و خەڵکانێک لە وڵاتانی ئیندۆنیسیا و فلیپپینەوە تا دەگاتە دانیشتووانی دەوڵەتە جەنگگێڕەکان خۆیشیان(ئەمەریکا و ئینگلستان) و زۆرینەی دانیشتووانی ئەم جیهانە و سەر ئەم گۆی زەوییە، دژی جەنگ بوون و ڕۆژانە هاتوهاوار و ڕێپێوان و خۆپێشاندان و پرۆتێست، هەموو کون و قوژبنێکی ئەم دنیایەی تەنیبووە، بەڵام ئیمام عەلی گوتەنی:"لا راي لمن لايطاع"، بە کوردییەکەی دەبێتە: ئەوەی دەسەڵاتی نییە، یا ئەوەی کوتەکبەدەست نییە و خەڵک لە بەر بێکوتەکییەکەی لێی ناترسن و بە قسەی ناکەن، هیچ ڕایەکی نییە، هەر بۆیەش هیچ کەسێک (لەوانەی کە بڕیاری جەنگ و ئاشتییان بەدەستە)، گوێیان لە زۆرینەی مرۆڤی بێدەسەڵاتی، خەڵکی سەر ئەم زەوییە نەگرت و جەنگی خۆیان کرد. ئەم جەنگەی، کە ئێستا ئەنجامیان دا و سەددام و ڕێژیمەکەیان پێ خستە زبڵدانی مێژووەوە، دەکرا لە 1991 و دوای دەرکردنی لەشکرەکەی سەددام لە کووەیت، بکرابا و هەر ئەم ئەنجامەی ئێستای لێ کەوتبایەوە، بەڵام ئەمەریکا ئەودەم، هێشتا کاری دیکەی بە سەددام مابوو و هێشتا سەددام خزمەتی بە ئەمەریکا و سیاسەتی وی دەکرد.

## -پێنج-

کەجەنگ دەستپێکرد، من یەک لەو کەسانە بووم، کە لەو بڕوایەدا بووم، جەنگەکە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت و ڕێژیمەکە زوو دەڕووخێت، وەلێ جەنگێکی خوێناوی دەبێت، چونکە سەددام و بەعس و لەشکرەکەیان(بە تایبەت گاردی کۆماری و هێزی تایبەت و فیدائییەکانی سەددام) چەکی زۆر و کاریگەریان هەیە و بەکاری دەهێنن و زیانێکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەزن بە خەڵکی وڵات و ئەمەریکاش دەگەیەنن. پێموابوو لەگەڵ فرێدانەخوارێی یەکەم بۆمبدا، ئیدی خەڵکی عیراق و بە تایبەت خوارووی عیراق و شیعەکەی و خەڵکی بەغدا و دانیشتووانی باژێڕەکانی کوردستان (کەرکووک، مووسڵ، خانەقین، شنگال، مەندەلی، شێخان، خورماتوو و...)، دەسبەجێ ڕادەپەڕن و تەواوی دەسگا و کارگێڕییەکانی حوکوومەتی بەعس داگیر دەکەن و باژێڕەکان لە بەعس و خەڵکانی سەر بە ڕێژیم پاکژ دەکەنەوە. پێموابوو سەربازان و چەکدارانی ڕێژیم، بە تایبەت لەشکرە نەریتییەکەی، هەرگیز جەنگ بۆ سەددام ناکەن و لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەکی جەنگدا، خۆ دەدەنە دەستەوە و ئاڵای سپی بەرز دەکەنەوە. زۆر لە پێشبینی و بۆچوونەکانی من و زۆری وەک من، هەڵە دەرچوون و لە جێی خۆیاندا نەبوون، چونکە هەرگیز مەرج نییە ژیربێژی و ئاوەز، پێوەر بن بۆ سەرکەوتن و ژێرکەوتن و دۆڕان و بردنەوەی هیچ هزر و ڕا و دید و بۆچوون و جیهانبینییەک.

## -شەش-

من هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم و نیم، کە ئەمەریکا دیموکراتی بردبێت و ببات، بۆ ئەو شوێنانەی تێیدەچێت و داگیری دەکات. هەرگیز بڕوام بەوە نەبووە و نییە، کە دیموکراتی و یەکسانی و ئاشتی و ئازادی و تێری و مافی مرۆڤ و...،بە تانک و لەشکر و بۆمبا بە سەر خەڵکدا، ببارێنرێت و بسەپێنرێت. ئەمەریکا هەردەم و بە درێژایی مێژوو، بە نێوی دیموکراتی و مافی چارەی خۆ نووسین و مافی مرۆڤەوە، دژایەتی دەوڵەتگەلێکی کردووە، کە لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونی ویدا نەگونجاون و بە پێچەوانەوەش، لەگەڵ ڕێژیمگەلی  دیکتاتۆری و فاشی و خەڵککوژدا، کە بە هیچ جۆرێک نێزیکایەتییان، لەگەڵ مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی چارەنووسی خەڵک و گەلاندا، نەبووە، مامەڵە و هەڵسوکەوتی دۆستانەی کردووە، چونکە لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەها و دەسگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو ڕێژیمانەوە، ئەمەریکا باشتر و هاسانتر توانیویەتی و دەتوانێت، مەرجەکانی خۆی بە سەر ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێت و هەر کارێکی بیەوێت، ئەنجامی بدات. ڕێژیمگەلی عیراقی بەعس، چیلیی پینۆشێ، ئێرانی شا، عەرەبستانی سعوودی، ئیسرائیل، خوارووی ئەفریقای ئەپارتاید ،تورکیا، پاکستان و....نموونەگەلێکی لەبەرچاون.

## -حەفت-

پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، عیراق کەوتە ڕەوشێکەوە، ڕێک لە ساڵانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق دەچێت. عیراق وەک دەوڵەت، ساڵی 1921 دامەزرا. ئینگلیزەکان پاش بەرەندەییان لە جەنگی دژی دەوڵەتی عوسمانیدا و پاش پێکهاتنی سایکس-پیکۆ، دەوڵەتی عیراقیان چێکرد. عیراق، کە پاشتر و لە 1926دا، ویلایەتی مووسڵ(باشووری کوردستان)ی خرایە سەر و پێوەی گرێدرا، مۆزائیکێکی سەیر و سەمەرەی لێ دروست بوو. لە پێکهاتەیەک ساز کرا، کە پێکەوە ژیانی خەڵکەکەی، هەر لە یەکەم ڕۆژێ ڕا، کارێکی هاسان نەبووە و وەک ژن و مێردایەتی بە تۆبزی و بێگاری، زۆرجاران بە نابەدڵی و خۆخواردنەوە و دانبەخۆداگرتن بووە. عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشووری، کلدان، ئەرمەن، جوو، ئیسلام(شیعە، سوننە)، مەسیحی(ئەرتۆدۆکس، کاتۆلیک، نەستووری)، مەندائی، ئێزدی، کاکەیی، حەقە، حەمەسووری و...ئینگلیزەکان ئەو عیراقەیان بەو شێوە عەنتیکەیەوە، بۆیە وا دامەزراند، تا هەرگیز بێ گیروگرفت و ئاژاوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەبێت، هەرگیز ئارامیی بە خۆیەوە نەبینێت و بۆوەی هەموودەم و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان و بۆ خۆیان بتوانن، نەتەوەیەک، ئایپتراپەک، هۆزێک، دەستەیەک، لەوی دیکە قوت بکەنەوە و بیدەن بە گژ لایەکەی دیکەدا، کە ڕەنگە برێک گوێڕایەڵ نەبێت.

## -هەشت-

ئەمرۆ و دوای ڕووخاندنی ڕێژیمی سەددام حوسەین، عیراق گەڕایەوە خاڵی سفر و دەسپێک، لە پرۆسەی فراژووتنی دەوڵەتێتیدا. عیراق ئێستا سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە و ئەمجارەیان ئەمەریکا وەستا و ئەندازیارە. کە بەشێکی ولایەتە مووسڵ(کوردستان)ەکەی لەمەڕ خۆمان، ساڵانێکە(لە 1991ەوە) ئازادە و کورد بۆ خۆی فەرمانڕەوایەتی، ئەورۆ و پاش تێداچوونی سەددام حوسەین و بەعس، بەشە داگیرکراوەکەی، کە بریتی بوو لە "کەرکووک، مووسڵ، خانەقین، مەندەلی، خورماتوو، شنگال، شێخان، مەخموور"، گەڕایەوە ئامێزی نیشتمانی دایک. لەمسەری کوردستانی گەورەوە بۆ ئەوسەری کوردستانی گەورە، لە هەندەرانەوە بۆ وڵات، کورد سەرجەم، بە زارۆک و لاو و کیژ و کوڕ و ژن و پیاو و پیر و....یەوە، خڕ، وەک لەدایکبوونێکی نوێ، وەک نەورۆزێکی نوێ، وەک چێژی یەکەم ماچی کوڕ و کیژێکی لاو، وەک چۆڕە ئاوێک، کە دەکرێتە دەمی تینوویەکەوە، وەک خەوی پاش شەکەتبوونی بن سێبەرێکی خەستی داربەڕوویەکی کوردستان و... ئاوها پێشوازییان لە خۆری ئازادی کرد. کردیان بە شایی و بەزم و جەژن و ڕۆژی خۆیان. بێگومان خەڵک و بە تایبەتی کوردەکە، مافی خۆیانە بیکەن بە شایلۆغان و جەژن، چونکە لە سەرێکەوە بەشە گرنگەکەی کوردستانی بۆ گەڕایەوە و لە سەرێکی دیکەشەوە، ڕێژیمە دڕندەکەی سەددامی لە کۆڵ بووەوە.

## -نۆ-

ڕێژیمی پاشایەتی لە 1921 ەوە تا 13ی تەممووزی 1958، ڕێژیمێکی گرێدراوی سیاسەتی ئینگلستان بوو. لە 14ی تەممووزی 1958 ەوە تا 7ی شوباتی 1963، ڕێژیمێکی نیشتمانیی، فەرمانڕەوایی عیراقی کرد. لە 8ی شوباتی 1963 ەوە تا 9ی نیسانی 2003، کە دەکاتە 40 ساڵان، تەواوی ئەو کۆمەڵە ڕێژیمەی، کە خاوەن دەسەڵات بوون لە عیراقدا، خەڵکانێکی عەرەبی نەتەوەیی شۆڤینی(عارف یەکەم و دووەم و بەعس) بوون، کە دژی تەواوی ناعەرەبان و چەپ و دیموکراتیخوازان بوون و وابەستە و گرێدراوی سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژاوا بوون و خزمەتیان بە نەخشە و پرۆژەکانی ئەوان دەکرد. 82 ساڵی تەمەنی ئەم دەوڵەتی عیراقە، تەنێ چوار ساڵ و نیوەکەی نێوان 14ی تەممووزی 1958- 7ی شوباتی 1963 نەبێت، ئیدی حەفتاوحەفت ساڵ و نیوێکی، ئینگلستان و ڕۆژاوا و ئەمەریکا، ڕۆڵی هەرە لەبەرچاویان هەبووە، لە ڕەوتی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و جڤاکی دەوڵەتی عیراقدا.

## -دە-

کە جەنگی دژ بە عیراق، هێشتا بەرپا نەبووبوو، تورکیا هەموو ڕۆژێک، کوردی بەچەترسێن دەکرد و دڵی هەموو تاکێکی کوردی ئەم دنیایەی، دادەخورپان بەوەی، کە هەڕەشەی هاتنەژوورەوەی باشووری کوردستانی، بە تۆبز و بە چەک و لەشکرەوە دەکرد. خۆپێشاندان و پرۆتێست، دژی تورکیا، هەموو دنیا و تەنانەت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کوردستانیشی گرتەوە. دیاردەی سووتاندنی ئاڵای تورکیا، لە کوردستانیش پەیدا بوو. لە سلێمانی خۆپێشاندان کرا، هەڵسوورێنەری خۆپێشاندانە،کە"ئەبوبەکر حەسەن"بوو، گیرا و خۆپێشاندان کپ کرایەوە. ڕۆژنامە و بەرپرسە حیزبی و حوکومەتییەکانی سلێمانی، نێوی "گێرەشێوێن و تێکدەر و ئاژاوەچی و نابەرپرسی" یان، لە خۆپێشاندەران و ئاڵاسووتێنەران، نا. کە لە هەولێر و سۆران و باژێڕەکانی دیکەی دەڤەری حوکومەتی هەولێر، خۆپێشاندان دەکرا، تەلەڤزیۆنی "کوردسات"ی سلێمانی، نە بە خێر و نە بە شەڕ، باسی نەدەکرد و بە لایدا نەدەچوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، باسی ڕووداوێکی بێنرخ و بێبایەخی، لە فلیپپین، یا شوێنێکی دیکەی ئەم دنیایەی دەکرد. ئەو دەردەی سلێمانی و حوکومەتەکەی، پاشتر، گەیشتە هەولێر و حوکومەتەکەی و لەوێش تەشەنەی کرد. لەوێش فەرهەنگی زمانی دژەخۆپێشاندەران و ئاڵاسووتێنەران، وشەی "بێڕەوشت"ی، بۆ زیاد کرا و وا دانرا، کە سووتاندنی ئاڵای تورکیا، لە ڕەوشتی کوردەوە دوورە. لە خۆپێشاندان و ڕێپێوانی خەڵکانی ئازادیخواز و چەپی سوێد، بۆ یادی گیڤارا، چەندین جار ئاڵای ئەمەریکا، لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا سووتێنراوە. لەم سوێدە دەیان جار، فلستینییەکان و ئەوانەیش، کە بەشداریی ڕێپێوانی ئەوانیان کردووە، ئاڵای ئیسرائیلیان سووتاندووە. لە فلستین، ڕۆژانە ئاڵای ئیسرائیل و ئەمەریکا، دەسووتێنرێت. لە ئێران، سەدان جار ئاڵای ئەمەریکا و ئیسرائیل، سووتێنراوە و دەسووتێنرێت. لە هەموو شوێنێک لەم دنیایەدا ڕۆژانە دەیان ئاڵای دەوڵەتانی جیاواز، لەبەر ئەوەی، حیسابی داگیرکەر و نەیاریان بۆ دەکرێت، گرتێبەردەدرێت و کەسیش بە ئاڵاسووتێنەران ناڵێت، بێڕەوشت و ئاژاوەچی و گێرەشێوێن. تۆ بڵێی ئاڵای تورکیا، بەو ڕەنگە سوورەوە، کە هەیەتی، ئەگەر بۆ خۆیان واتایەکی تایبەتی هەبێت، بۆ کورد لەوەی زیاتر، کە لەخوێنی ڕۆڵەکانی هەڵژەنراوە، واتایەکی دیکەی هەبێت؟ ئەو خۆپێشاندانانەی دژەتورکیا، کە دەبوو بکرێنە، تووڕەبوونێکی جەماوەری، و لێشاوێکی دژە تورکیا، و دژە هەموو داگیرکەرانی کوردستان، و ڕەوتێکی گەلێری شۆڕشگێڕانەی خوازیاری تەواوی مافەکانی نەتەوەی کورد، و بانگێک بۆ ئازادی کوردستان، و گڕێک بۆ سووتاندنی هەموو دوژمنانی کورد، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا، ئیدی دامرکێنرانەوە و خامۆش کرانەوە. سیاسەتکارانی کورد، دەبوو لەوە تێبگەن، کە مرۆڤی کورد، مرۆڤێکی هۆشیارە و گەلێک لە بیر و دید و خواستەکانیدا، لە پێش ئەوانەوەیە و زۆر چاک دەزانێت، کە تورکیا کۆسپ و ڕێگری یەکەم، و هەرەمەزنی، بەردەم خواست و ئاواتەکانی تەواوی کوردە، و تا تورکیا و ئەو سیاسەتە شۆڤینییەیان هەبێت، هەرگیز کورد، لە هیچ کوێیەکی ئەم جیهانەدا، ناگاتە ئامانجەکانی، و کلیلی چارەسەرکردن و بە ئامانجگەیشتنی کورد، لە تێکوپێکدانی تورکیا، و پووچەڵکردنەوەی سیاسەتی تورکیا، و ڕووخانی دەوڵەتی تورکیاوە، وەدەست دێت. ئەو تەوژم و ڕق و تووڕەییەی دژ بە تورکیا، دەبوو بکرابا، بە هێزی گوشار و دەنگی خەڵک و وێژدانی مرۆڤی کورد و گڕێکی هەمیشەیی باوەگوڕگوڕئاسا، بێ کوژانەوە و خامۆشبوون، بۆ چەسپاندن و سەلماندن و وەدیهێنانی، تەواوی مافە ڕەواکانی کورد و هێنانەدی تەواوی ئاواتەکانی خەڵکی کورد، لێ سەد مخابن، سیاسەتکارانی کورد، هێشتا لە زمانی خەڵک نەگەیشتوون و کاریگەری و بایەخی، ئەو گڕەهەمیشەییە نازانن. ئەوان لە کوژاندنەوە و مراندنی گیانی شۆڕشگێڕێتیدا، شارەزان و لێدەزانن و هەرگیزیش لەو بارەوە، کەمتەرخەمییان نەکردووە.

**-یازدە-**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جەنگ دەستیپێکرد و کۆتاییش هات، تورکیا بە چاوزەقلێکردنەوەی ئەمەریکا، نەهاتە نێو باشووری کوردستانەوە. کەرایەتی تورکیا، بە ڕێگەنەدانی بە هێزەکانی ئەمەریکا، بە بەکاربردنی خاک و ئاسمانی تورکیا، بۆ جەنگی دژی عیراق، خێری کوردی تێدا بوو. زۆرجاران کەرایەتی دوژمنانی کورد، ڕەوشی کورد و سیاسەتی کوردیان، برێک پێش خستووە، دەنا سیاسەتی کورد، هەرگیز پێشبینی ڕووداوەکانی نەکردووە، ئەوە هیچ، کە هیچ ستراتیژییەک و نەخشەیەکیشیان بۆی نییە. تورکیا، لە بیانوو دەگەڕا بۆ ئەوەی خۆی وەژووریدا بکات، بەلام ئەمەریکا دەمکوتی کرد و چ ڕێگەیەکی نەدایێ. ڕەنگە تورکیا کەمجاران، کەرایەتی وای کردبێت، وەلێ ئەو کەرایەتییەی بە قازانجی کورد بوو. کورد دەڵێ:"ئاشی نەزان خوا دەیگێڕی"، دەنا "چاک بوو بە پانیی نەهاتن". ئەگەر لەشکری تورک وەنێو کەوتبا، هەرگیز بە کورد نەدەگێڕدرایەوە. کورد ترسی سەددام و کیمیابارانی لە سەر نەڕەوییبووە، کەچی تورکیاشی هاتە سەر و ئیدی خوای من و تۆ کردی، وا دەرنەچوو وەک تورکیا ویستی.

## -دوازدە-

سەرانی کورد، کە لە نێو هێزەکانی عیراقدا، بە ڕاست و چەپ و ئیسلامی و عەلمانی و شیعە و سوننەیەوە، بەهێزترین و ڕێکوپێکترینن، پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەددام، بۆ ڕاوێژ و جڤین لەگەڵ دەستە و حیزب و تاقمەکانی دیکەی عیراقدا و فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا، چوونە بەغدا. لە تەلەڤزیۆن و میدیاکانی کوردستانەوە، هێندە بە گەرمی باسی بەغدا دەکرێت و بە "بەغدای پایتەخت" نێو دەبرێت، دەڵێی لەو وشەیە خۆشتر و جوانتر لە فەرهەنگیی کوردیدا نەماوە. "بەغدای پایتەخت"یش وا پێدەچێت، چ مژدەیەکی خۆشی بۆ کورد پێ نەبێت و لەوەی زیاتر، کە دەسەلاتدارانی پێشوو و پێشووتریش، بۆ کورد هەیانبووە، نەیانبێت. ڕێبەریەتی سیاسیی کورد، کە فیدراڵییان کردووەتە بنێشتەخۆشەی بن ددانیان، بێنەخشە و بێستراتیژ و بە دوو دەستی ڤالاوە، لە بەغدا خۆ دەبیننەوە. ئەوان، دەبوو هەر پێش جەنگی دژی عیراق و بۆ بەرەنگاربوونەی ڕەوشی نوێ و چەسپاندنی تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان و جێقایمکردنی خۆیان، یەک کۆمەڵە کاری خێرا و دەسبەجێیان ئەنجام دابا. دەبوو، گۆڕانکارییەکی گەورەیان، لە جۆری کار و دەسەلاتی کوردستاندا کردبا. وەک شوورایەکی ڕاوێژکار، بۆ سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، دەبوو دەستەیەکی فراوان و مەزن، لە خەڵکانی کوردی ڕەوشەنبیر و شارەزا و سیاسەتزان و ئابووریزان و جڤاکناس و دیرۆکناس و شارەزایانی سەربازی و هەموو بوارەکانی دیکەیان، لە هەموو کوردانی وڵات و هەندەران و کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان ساز کردایە، بۆ پرس و ڕاوێژ و دەمەتەقە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و گەیشتنە ئەنجامی باشتر و بەکەڵکتر. ئەوان، ئەمەیان نەکرد. چێکردنی ڕێبەریەتییەکی سیاسی بۆ کورد، لە تەواوی هێز و حیزب و لایەنە کوردستانییەکان، بێ فەرامۆشکردنی هیچ لایەنێک، لە تەواوی تەوژمە دیموکراتی و نەتەوەیی و ئیسلامی و عەلمانییەکانی کوردستان و کۆمەڵێک خەڵکی شارەزای بواری سیاسەت و پسپۆر، لە بواری جیاجیای دیکەدا، لە وڵات و لە هەندەران و... پاش ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی هەردوو حوکوومەتانی سلێمانی و هەولێر و سازکردنی یەک حوکومەتی یەکگرتووی نوێی پێکهاتوو، لە نوێنەری هێزەکانی کوردستانیان ڕاگەیەندبا. ئەمە ئەرکی هەرە پێشینەی ئەوان بوو، کە نەیانکرد. ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، دەبوو هەوڵی گەلێراندنی مەسەلەی کوردستانیان دابا، ئەویش بە جۆشدانی خەڵکی کورد، لە گوند و بازێڕ و کێلگە و فێرگە و کارگە و نێو ماڵ و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خێزان و ژن و پیاوەوە، بە تەواوی چین و توێژەکانەوە، بە تەواوی کار و پیشە جیاوازەکانەوە و سازکردنی دەمەتەقە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و گەرمکردنی باسە چارەنووسسازەکان، بە هەموو جۆرێک، لە کۆڕ و جڤین و سەمینارەوە بیگرە، تا دەگاتە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و هەرچی بواری دیکە هەیە، بۆ سازکردنی یەکدەنگییەک، بۆ هەرچی زووتر و زیاتر قووڵبوونەوە و گەیشتنە ئەنجامی باشتر بۆ کێشەکان. ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، نەک هەر ئەوەی نەکرد، بەڵکە خۆی لە جەماوەر دابڕی و هەموو میدیاکانی خۆی، بۆ پتر عێراقییاندنی کوردستان و کورد تەرخان کرد و تەلەڤزیۆنەکانیان، بە فرەتر چەقەنە و سترانی بێتام و دزێوی ناهونەرمەندانی کوردانی هەندەران، پڕکردەوە و لەبری وەگەڕخستنی دەمەتەقەی گەرم لە مەڕ ئەو باسانە، میدیاکانی کوردستان، لە وەها کاتێکدا، کە هەموو جیهان بە باسی جەنگەوە خەریکبوون و تەواوی وڵاتانی عەرەب هاواریان لێ هەڵسابوو و تورکیا سەری دنیای لێ هاتبووە یەک و هەرکەسەو بە جۆرێک ڕووداوەکانی لێکدەدایەوە، میدیاکانی کوردستان، ڕێک لەو کاتانەدا، بە چەقەنە و پرۆگرامی بێبایەخەوە و بە باسی چۆنیەتیی دروستکردنی حەڵوا و دونیامزی تورکمانی و سترانی سترانبێژانی کەونەبەعسییانی عەرەبی و باسی کڵێسە و بە سەعاتان باسی فووتبۆڵ و کامیرای شاراوە و سەدان شتی دیکەی بێتام و هیچنەگەیەن، دەچوونە نێو ماڵی کوردەوە. ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، دەبوو لە مەسەلەی کوردستانییەتی باژێڕی مووسڵ و تەواوی ئوستانی[1] مووسڵ و باژێڕی کەرکوک و تەواوی ئوستانی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و قزرەبات و بەدرە و جەسساندا، هیچ دوودڵییەک نەنوێنن و سوور بن لە سەری و بە پراکتیکیش، بە نێوی ڕێبەریەیتی سیاسیی کوردەوە و بە یەک لەشکری کوردستانەوە، بچوونایەتە ئەو دەڤەرانە و عەرەببژاریان کردبان و دەسبەجێ کوردی ئاوارەی ئەو ناوچانەیان بگەڕانبایەوە و چاوەڕێی ئەوە نەبووایەن، وەک ئێستا دەیبینین، ئەو عەرەبگەلە بە "قانوون" کەرکووک چۆڵکەن و کوردیش بە "قانوون" بگەڕێتەوە جێی خۆی، چونکە عەرەباندن وەک سیاسەت و لە پراکتیکدا، بە کەڵەگایی و زۆرداری بەعس و ڕێژیمی سەددام حوسەین ئەنجامدرا، جا بۆ دەبێ قانوون و پشوودرێژی، بۆ سڕینەوەی عەرەباندن و شوێنەواری بەعس، لە کەرکووکدا، بخرێتە کار. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، دەبوو لە بری پەڕۆی زەرد و کەسکی پارتی و یەکیەتیی و لە بری وێنەی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و لەبری سەنعان قەسساب و بەرەی تورکمانی، ئاڵای کوردستان و پاشماوەی ماڵە ئەنفالکراوەکان و منداڵی شەهیدەکان و حیزبەکانی دیکەی کوردستانیان، بردباوە ئەو ناوە. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد ئەوەی نەکرد، بەڵکە گومانی خستە سەر کوردستانیبوونی ئەو دەڤەرانە و هەر حیزبەو بە جیا و بۆ خۆی چووە ئەو ناوچانە و هەر حیزبە و ئوستاندار و بەرپرسی خۆی دانا بۆ ئەو باژێڕانە. لەبری حیزب و

---

[1] واژەی "پارێزگە یا پارێزگا"، لە موحافەزە"محافظة"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و ئەو کەسەیشی، کە کارگێڕ و فەرمانڕەوای موحافەزە دەکات بە عەرەبی پێی دەگوترێ موحافیز"محافظ" و بە کوردی کراوە بە"پارێزگار". من بەکاربردنی واژەی "پارێزگە" و "پارێزگا" و "پارێزگار"م، پێ هەڵەیە و واژەی"ئوستان"م، بۆ "پارێزگا، پارێزگە" و واژەی "ئوستاندار"م، بۆ "پارێزگار"، پێ ڕاست و دروستترن. واژەی "ئوستان"، لە بنەمادا واژەیەکی پەهلەوییە و بە واتای: شوێن، جێگە، جێی نیشتەجێبوون، دێت، وەک، کوردستان: شوێن و جێگەی کورد، هیندوستان:شوێن و جێگەی هیندییان، ئەرمەنستان: شوێن و جێگەی ئەرمەنییان، تاجیکستان:شوێن و جێگەی تاجیکان، ئەفغانستان: شوێن و جێگەی ئەفغانان. "ئوستاندار"یش، بە واتای: کارگێڕ و فەرمانڕەوای ئوستان دێت. ئێمە لە واژەی"کوردستان"ەکەی خۆماندا، واژەی "ستان یا ئوستان"ەکەی بەکار دەبەین، ئیدی بۆ نەتوانین لەبری پارێزگا و پارێزگەی عەرەبی بەکاری ببەین!. هەردوو "ئوستان" و "ئوستاندار"، لە بنەمادا، وشەگەلێکی پەهلەویین و چەندە موڵکی فارس و زمانی فارسین، هێندەش موڵکی کورد و زمانی کوردیین.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێکخراوی کورد و خەڵکانێکی کوردی ئاوارەی کەرکووک، جەلال تاڵەبانی، وەک دیاری دەستی، سەنعان قەسسابی، کەونەبەعسی و تۆرانی، لەگەڵ خۆیدا، وەک چەپکەگوڵی سەرکەوتن، بردەوە کەرکووک. لە بری چەسپاندنی کوردستانیبوونی کەرکووک، سەرانی کورد و بە تایبەت جەلال تاڵەبانی، هەر ڕۆژەی لە ئاوازێک دەخوێنێت. ڕۆژێک کەرکووک دەکاتە بەشێک لە "هەریم"ی کوردستان و ڕۆژێک کەرکووک شارێکی عیراقە و هەولێر پێتەختی کوردستانە و هەرگیز کەرکووک پێتەختی کوردستان نییە و ڕۆژێک بۆ تورکمان دەگرێیت و پێیوایە ئەوان زۆر چەوساونەوە و هیچ دوور نییە و ڕەنگە تەواوی ئەنفالکراو و قوربانییانی کیماییباران و بۆمبارانەکانی کوردستان و شەهیدانی کوردی، بە تورکمان دابێتە قەڵەم، بۆیە هێندە چەوساوە دێنە بەرچاوی. ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، دەبوو باش لەوە گەیشتبان، کە ئەم دۆستایەتیی و یەکسەنگەرییەی ئێستایان، لەگەڵ ئەمەریکادا و ئەوەی ئێستا چاوەڕوانن، لە ڕێگەی ئەمەریکاوە بۆیان بێتە دی، ئەمەریکاییەکان دەیانتوانی لە ساڵی 1975دا بۆ کوردی بکەن، لێ ئەودەم پشتیان کردە کورد و کوردیان بە دەردێک برد، کە تا هەنووکەیش پێوەی دەتلێتەوە. ئێستاش هیچ نیشانەیەکی ئەوە لە ئارادا نییە، کە ئەمەریکاییەکان، تا سەر بۆ کورد بن. ئەمەریکاییەکان لەگەڵ سەددام و دژ بە کورد بوون و هەرگیز پرۆژە و نەخشەیەکی سیاسییان بۆ مەسەلەی کورد نەبووە و تەنێ لە ڕووی مرۆڤییەوە نواڕیویانەتە مەسەلەی کورد. سیاسەتی ئەوان بەندە بە بەرژەوەندی وڵاتەکەیانەوە و ئەوان دۆست و نەیاری خۆیان، بەو پێیە دیاری دەکەن و دۆست و نەیاری تا سەریان نییە. ئەمەریکای پشت و پەنا و قەڵای قایمی زایۆنیزم و ئیسرائیل و ئیسرائیلی دۆستی گیانی بە گیانی تورکیا و تورکیای دژی هەموو شتێکی کورد و کوردستانی، بە چ ئاوەزێک دەبێ مرۆڤی کورد دڵی پێیان خۆشبێت و هیواکانی لە سەر ئەوان بینا بکات! کورد دەڵێ:"تاریکەشەو هەر لە ئێوارەڕا دیارە"، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە، هەڵە زەق و درشتەکانی ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، وەدەرکەوتن. ئەگەر تا ئێستاش کەرایەتیی نەیارانی کورد، نەک لێزانی و لێهاتوویی سەرانی کورد، ڕەوشی مەسەلەی کوردی، برێک بردووەتە پێشێ، ئەوا مەرج نییە، هەمووودەم هەروا بێت. ئەمەریکا و سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژاوا و تەنانەت ئەورووپایش، ڕاستە کۆمەڵێک سنوور و پرنسیپ و بروا و بۆچوون و دیتن هەن، نایبەزێنن و هەردەم پێڕەوی دەکەن، بەڵام شتێکی مەزن و کاریگەر و لەبەرچاو هەیە، زۆر چاک و چالاکانە، کار دەکاتە سەر سیاسەتی ئەوان، ئەویش دیتنی خەڵک و کاردانەوەی خەڵکە. کورد بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی خۆی و خواستەکانی خۆی، بە سەر ئەمەریکا و ڕۆژاوادا، کە ئێستا فەرمانڕەوای ڕاستینەی عیراقن، بسەپێنێت و وەدیهێنانیان نێزیکبخاتەوە، گەرەکە هێندە بقیرێنێت، تا دەنگی دەنووسێت. دەبوو و دەبێ نیاز و ویست و ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی، وەک مرۆڤێکی لاسار و ناگوێڕایەڵ و چەمووش، بەردەوام و بێ پشوو، بدات بە گوێی ئەواندا و هەرچەندی دەشێت و بە هەموو جۆرێک بیڵێتەوە. لە نامەنووسین و فاکس و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و کۆڕەوە بیگرە، تا دەگاتە خۆپێشاندانی بەردەوام و ڕێپێوانی بەردەوام و مانگرتنی بەردەوام و...سەدان جۆری دیکەی خەبات، بەکار ببات و لێی شەکەت نەبێت. سەرانی کورد ئەگەر خۆیشیان ئەو کارانە ناکەن، یا لە بەر نەپسانی مووەکەی موعاوییە لەگەڵ عەرەب و خەڵکی دیکەدا، وەها ڕەوتار ناکەن، یا لەبەر ئەوەی ناوێرن و حەزیش ناکەن، کورسی و جۆری ژیانیان لێ تێکبچێت، دەبوو لە بنەوە، هانی خەڵکی کورد، خەڵکی سەر جادەی کوردستان و هەندەران بدەن، بۆ وەها کارێک. من ئەگەر بڵێم پێدەچێت، ڕێبەریەتیی سیاسیی کورد، تا ئێرەی هێنابێت و ئیدی پێینەکرێت تا سەر، درێژە بە ڕەوتی پێشبردنی مەسەلەی کورد و کوردستان لە ئاستێکی بەرزتردا بدات، ڕەنگە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەشبینانە بێتە بەرچاو، لێ بڕوام وایە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، خەڵکی کورد، تەواوی خەڵکی کورد، لە تەواوی خاکی کوردستان و لە هەندەرانیش، بێنە سەر جادە و بۆ خۆیان و بە هەموو جۆرێک و هەموو ئامرازێک، دەنگ بەرز بکەنەوە و داخوازی گەل و وڵات، بە سەر سەرانی کورد و دەسەڵاتدارانی عیراق و ئەمەریکایی و ڕۆژاواییان و وڵاتانێک، کە کورد تێیاندا بندەستە، بسەپێنن و لە هیچ کەسیش سڵ نەکەنەوە و زیاد لە پێویستیش، ڕێز بۆ سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، پێشاننەدەن، چونکە ئەگەر ئەوان، سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ڕێز لە خواستەکانی خەڵکی کورد نەگرن، بۆ خەڵکی کورد ڕێز لەوان بگرێت؟ خەڵکی کورد، کاتی ئەوە هاتووە، کە چالاکانە، بەرپرسانە، نیشتمانییانە، بەتەنگ خاک و وڵات و مەسەلەکەی خۆیانەوە بێن و هەرگیز چاوەنۆڕی سبەینێ نەبن، کە ڕەنگە سەرانی کورد، یا ئەمەریکا، یا هەرکەسێکی دیکە بۆی ئەنجام بدات. خەڵکی کوردستان و بە تایبەت لاوانی خوێنگەرمی کوردستان، دەبێ کارەکان بگرنە دەست خۆیان و ئەوان پێشڕەوی خەباتی گەلەکەیان بن و هەرچی ڕێگر و کۆسپیشە لە بەردەمیاندا، ڕایانماڵن و نەیانهێڵن و ڕێبەریەتیی و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی خۆیان بهێننە گۆڕێ و درێژە، بە خەباتی سەربەخۆیی کوردستان بدەن. ئەمەریکا بەو پەیام و کردەوەیەی، کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدات و بە گوێرەی سیاسەتێک، لە کوردستان و عیراق پیرۆی دەکات، بە کاوەخۆ، ڕەوشەکە بەرەو لوبناندن(لوبنانان‌دن)ی عیراق دەبات. لە لوبنان، سەرۆککۆمار، دەبێ عیسایی مارۆنی بێت و سەرۆکی حوکوومەت، دەبێ سوننە بێت و سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ شیعە بێت. لە عیراقیش هەر لە دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرمانڕەواییەوە، کە لە سەر بنەمای شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و کلدۆ-ئاشووریی ساز کرا، تا دەگاتە حوکومەتەکەی، کە ئەویش لەسەر هەمان بنەما دامەزرا، ئیدی پێدەچێت، تەواوی دامەزراو و کارگێڕییەکانی ئەو وڵاتە، بەو شێوەیە چێبکرێن. ئەمە ئیدی دەبێتە بنگە بۆ هەموو شتێک، کە لەو وڵاتەدا ئەنجام بدرێت. بۆ من هیچ گرنگ نییە، عیراق، مەبەستم عەرەبستانی عیراقە، مەبەستم فەرمانڕەوایی و کارگێڕییەکەیتی، نەک خەڵک و مرۆڤەکانی، بەرەو کوێ دەڕوات و چۆن بەڕێوەدەبرێت و چی لێ دێت، بۆ من کوردستانەکە، کە لە مێشکی هەموو کورددا، باشووری کوردستانە و بەشێکە لە خاکێکی مەزنتر، کە نێوی کوردستانە و گەلەکەیشی بەشێکە لە گەلێکی مەزنتر، کە نێوی کوردە، گرنگە. بۆ من ئەوە گرنگە، ئەو دەردە نەگوێزرێتەوە کوردستان، لێ ئەو دەردە گوێزرایەوە کوردستانیش. کەرکووک، هەمان بنەما پێڕۆ کرا. مووسڵ، هەمان بنەما پێڕۆ کرا. سبەی ئەو بەزمە دەخرێتە نێو هەموو کون و کەلەبەرێکی دیکەی کوردستانیشەوە. ئەوجا دێن و کورد، بە سەر کرمانج و سۆران و هەورامی و فەیلی و شەبەک و ئێزدی و یارسان و شیعە و سوننە و...ئەوانەدا دەبەشنەوە. پاش ئەوەش دێن و بازێڕی مووسڵ، بە گوێرەی ئەوەی ناوی نەینەوایە و کاتی خۆی و پێش 2615 ساڵان پێتەختی ئاشوورییان بووە و کورد خۆی بە خاوەنی نازانێت و بە کوردستانیشی نازانێت، دەکەنە دەوڵەتێک بۆ عیسایيانی کوردستان و نێوی دەنێن "ئاشوورستان"، یا هەرچی ستانێکی دیکە. ئەمەریکا و تەواوی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی ئەم جیهانە. سیاسەتی خۆیان، لە سەر بنەما و بنگەیەکەی فەلسەفەیی پراگماتی داڕێژاوە و دادەڕێژن. ئەوان، بە گوێرەی تیۆری:"ئامانج یا مەبەست، پاساوی هەموو ئامرازێک دەدات"، کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن. ئەوان، بۆ هەر کێشەیەک، چارەسەر و بەرپەرچدانەوە و کارت و کاغەزێکی تایبەتییان هەیە. بۆ سەرێشەی، سوننە، کاغەزی شیعە بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی شیعە، کاغەزی سوننە بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی عەرەب، کاغەزی کورد بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی کورد، کاغەزی تورکمان و کلدۆ-ئاشووری-سریانی بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی کوردی موسوڵمان،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کاغەزی کوردی ئێزدی و یارسان بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی کوردی ئێزدی، کوردی موسوڵمان بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی کرمانج، سۆران بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی نەقشبەندی، قادری بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی گۆران، جاف بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی ئیسلامی میانڕەو، ئیسلامی وەهابی و سەلەفی بەکار دەبەن. بۆ سەرێشەی هەر کۆمەڵگەیەک، کە بیانەوێت بیانووی پێ بگرن و دەستیتێوەردەن، کاغەزی مافی مرۆڤ و چەوسانەوەی ژن و یەکسانی ژن و پیاو و مافی منداڵ و ئاژەڵ و سروشت و سەدان شتی دیکە دەدۆزنەوە. ئیدی بەو جۆرە، دەکرێت تا دەست بڕ دەکات و کاغەز بەش دەکات، لیستەکە درێژ بکرێتەوە و بڕوات، تا چەندینی دیکەش دەگرێتە خۆ. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ئێستاش، هەر یەکەو لە ئاوازێک دەخوێنێت و ئامادەنین دەنگیان، هێزەکانیان، گارگێڕییەکانیان یەکخەن و وەک ڕێبەریەتیی یەک گەل و یەک خاک، بەرەوڕووی کارەکان ببنەوە، لێ ئامادەن، وەک نەریتێکی دیرۆکی، ببنە کەواسووری بەر لەشکری هەرچی هێزی دەرەکی ئەو دنیایەیە. سەرکردەیەتیی کورد، دەبوو بە خۆپێشاندان و هاتوهاوار و هاندانی خەڵک، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و لە هەموو جێیەکی دەکرێت، گوێیی ئەمەریکاییەکانیان کەڕ کردبا و تەواوی مەسەلەکانیان بەرەوڕووی ئەمەریکا کردباوە و بکەنەوە، چونکە ئەمەریکا، بەرپرسی هەموو کارەکانە و ئەمەریکا تاکە فەرمانڕەوای، خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە لە عیراقدا. ئەگەر ڕۆژێک باس لە هاتنی تورکیا دەکرێت بۆ نێو کوردستان و عیراق و ڕۆژێکی دیکە باسی لێوە ناکرێت، ئەوا مەسەلەگەلێکن، کە سەرانی کورد، دەکرا و دەکرێت، بۆ خۆیان لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا بیبڕنەوە و بۆیان بسەلمێنن، کە ئەوان هەرگیز بە وەها کارێک قایل نابن، بەڵام ئێمەش دەبێ شتێکمان لە یاد نەچێت، ئەویش ئەوەیە، کە سەرانی کورد، هەر بۆ خۆیان، تورکیایان فێری هاتنە نێو باشووری کوردستانێ کرد. هەر خۆیان تورکیایان کردە براگەورە و هێزەکانیان، وەک ناوبژیکەر، هێنایە نێوان خۆیانەوە. هەر خۆیان چەندین جاران چاوپۆشییان لە هاتنی تورکیا دەکرد و هاوکاریشیان دەکردن، بۆ هەڵکوتانە سەر هێزەکانی (پ.ک.ک). هەر خۆیان هەرچی پێکهاتن و بەڵێن و بەڵێنکارییەکیان هەبوو، لەگەڵ کۆمپانییەکانی تورکیادا، ئەنجامیان دەدا و ڕێگەیان بۆ خۆش دەکردن، تا پتر و چڕتر، بێنە باشووری کوردستان و پرۆژەی ئابووری و سەرمایەگوزاری بکەن، وەک بڵێی هیچ وڵاتێکی دیکە لەو دنیایەدا نەبێت، بێجگە لە تورکیا. گۆڕەپانی عیراق، ئێستا بووەتە مەیدانی ملانێیەکی توندوتیژ لە نێوان دەیان دەستە و تاقم و ئایدیۆلۆژیای جیاوازدا. موقتەدا ئەسسەدر و ئەحمەد ئەلکوبەیسی و کۆمەڵە خەڵکانێک، کە بە نێوی ئایین و ئیسلامەوە، دەپەیڤن و ڕەوتار دەکەن، ڕەوشێکی وایان هێناوەتە گۆڕێ، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت، مێشکی میلیۆنان خەڵکی عیراق تێکدەن و پێویستیی هاتنەسەرکاری حوکومەتی ئیسلامی و تێزی ئیسلامی و دژەعەلمانییەت و...بخەنە مێشکی ئەو خەڵکانەوە و فریویان بدەن. لە میدیا و تەلەڤزیۆنەکانی هەموو جیهانەوە، ڕۆژانە سەدان لەو مەلا و پیاوە ئایینییە ڕدێندارانەی عیراق، دێنە پێشەوە و ڕێپێوانی دەیان هەزارانەی خەڵک پێشان دەدرێت، کە داوای ئیسلاماندن و حەوزاندنی عیراق و جڤاکی عیراقی دەکەن. هەرچەندە ئەوان بەو کردار و گوتارانەیان دژایەتیی ئەمەریکا و ڕۆژاوا دەدەرێنن، لێ ئەمە لە بناخەدا کارێکە، دژی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان و گێڕانەوەی ئەو وڵاتەیە، بۆ جۆرێکی دیکەی دیکتاتۆری. ئەوان بە هەر مەبەستێک، ئەو کارانە دەکەن، ئارەزووی خۆیانە، بەڵام ئەو کەرایەتییەی ئەوانیش، ئەگەر کورد لێی بزانێت، هەر بە قازانج و سوودی کورد و خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە. گرنگ ئەوەیە، هەر لە یەکەم گوندی کوردستانەوە لە بناری حەمرین و دەشتاییەکانی مەندەلییەوە تا دەگاتە ئاوێسەر و قەندیل و ئامێدی و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواکورک و گاره، بەربەستێک بۆ  ئەو دەردیسەرییە  چێبکرێت و نەهێڵرێت کوللەئاسا وەسەر کوردستاندا ڕابگات و بدات. گرنگ ئەوەیە ئەو نموونە ناشارستانی و توندڕۆیی و دڕندەیەتییەی، ئەوانەی لە هەمبەری کورد و مافی ڕەوای کورد  و چێکردنی کوردستان ڕادەوەستن، بخرێنە بەرچاوی دەسەڵاتدارانی ڕاستینەی ئەوڕۆی عیراق و ببنە هاندەرێکیش بۆ سەرانی کورد، بۆ وەئاگاهاتنەوە و خۆتەیارکردن، بۆ دوورکەوتنەوە، لەو جۆرە مرۆڤانە و دوورکەتنەوە لە خۆیان و  هزریان و سیاسەتیان و  جوێکردنەوەی ماڵی کورد لێیان. سەرانی کورد، دەبوو و دەبێ لەیەک شت دڵنیا بن، ئەویش ئەوەیە، کە هیچ یەکێک، نە لە ئەندامانی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عیراق و نە لە ئەندامانی حوکوومەتەکەی عیراق و نە ئەندامانی تەواوی حیزبە عەرەبییەکانی عیراق و نە لە ئەندامانی تەواوی حیزبە ئایینییەکانی عیراق و نە لە ئەندامانی حیزبە تورکمانییەکانی عیراق و نە لە ئەندامانی تەواوی حیزبە مەسیحییەکانی عیراق و نە هیچ عەرەب و تورکمان و کلدۆ-سریان-ئاشوورییەکی عیراق و نە هیچ سریان و ئاشووری و کلدانێکی، هیچ بەشێکی کوردستان و نەهیچ عەرەبێکی وڵاتانی عەرەب و تورکانی تورکیا و تورکانی بولگاریا و فارسانی ئێران و تەنانەت موسوڵمانانی پاکستان و ئیندۆنیسیا و فیلیپپین و مالاییزیا و ئەلبانیا و بۆسنیایش، بە هیچ شێوەیەک دان بە ڕەوایەتی مەسەلەی کورددا، نانێن و تا ئەودەمە لەگەڵ کورددان، کە باسی یەکیەتیی خاکی عیراق و برایەتی عەرەب و کورد و ئیسلامەتی کرا و دەکرێت، دەنا ئیدی لەوە بترازێت، توخنی ئەو باسە ناکەون و گوێی خۆیان لە باسی کوردستان دادەخەن و هەر گوتەیەکیش لەو بارەوە دەخەنە ڕیزی بێئایینی و کوفر و دژایەتیی خودا و ئیسلام و لادانەوە. جا کە وایە ئەم بچووکایەتییە بۆ عەرەب و ئەوانی دی لە پای چی؟  بچووکایەتیی بۆ تورک بۆ چی؟ سەرانی کورد، هیچ پێویست ناکات وشترمەل ئاسا، سەری خۆیان لە بن عەردی و نێو لمان بکەن و خۆیان وا پێشان بدەن، کە هیچ نابینن و ناژنەفن. خانمێکی تورک، کە یەکێک لە شارەزایانی لەشکر و جەنگ و ئەو باسانەیە، لەو شەوانەدا، کە باس لە هاتنەژوورەوەی تورکیا دەکرا بۆ نێو کوردستان و عیراق، لە یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە عەرەبییەکانەوە، زۆر ڕاشکاوانە، دەیگوت:"تورکیا دەبێ هێزی لەشکری خۆی بنێرێتە نێو عیراقەوە و لەوێ هەبێت، مەگەر ئەوە نییە کوردەکان، حوکوومەتێکی سەربەخۆیان قوت کردووەتەوە، ئێمە چۆن ڕێگە بە شتێکی لەو جۆرە بدەین و لێی بێدەنگ بین!". تورکیا، وەک خۆیان سەدان جار گوتوویانە، ئەگەر کورد لە ئەرژەنتینیش شتێکی دەستکەوێت، ئەوان تێکی دەدەن. ئەوە جۆری بیرکردنەوەی، بێجگە لە تورکان، تەواوی خەڵکە نەتەوەییەکانی عەرەب و فارس و ئاشووری و سریان و تورکمانیشە. جا بۆ ڕێک و ڕەوان بۆیان ڕوون نەکرێتەوە، کە کورد چی دەوێت! بۆ ڕێک و ڕەوان باسی سەربەخۆیی کوردستانیان لەگەڵدا نەکرێت! ئەو باسە و ئەو ویستە و ئەو داخوازییە، هی ئەوە نییە، سەرانی کورد بیکەن بە ژێر لێوەوە و بە شەرمیشەوە نەوێرن خۆیانی لەقەرە بدەن و باسی بکەن. ئەوە باسێکە هەموو کورد بۆی هەیە بیبزوێنێت و بیڵێت و هاواری بۆ بکات و خۆی لێ نەبوێرێنێت.

ئوکتۆبەری 2003



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com